ئیتر بەسە
February 18 ·

هەر لە شەستەکانەوە کەرکووک بۆ من بووەتە ئامێری گەرماپێوی لەشی نیشتمان. داگیرکەران لەپەنا شەڕە
..گەرمەکانیانەوە، شەڕێکی دیکەی دژوارتر دژی گەلی کوردستان بەڕێوە دەبەن: شەڕی ئیرادە، شەڕی چاوشکێن
لە ٢٠٠٣ دا، سەرخێڵە ملپانەکان، کە ببوونە خاوەنی بەغدای کلکوگوێکراو، دەیانتوانی هەموو بڕیارەکانی پەیوەست بە
تەعریب هەڵوەشێننەوە، بەڵام نەک هەر ئەمەیان نەکرد، بەڵکو ئەو عەرەبە هاوردانەشیان گێڕایەوە کە ڕایانکردبوو!
ئەوجا، جوامێرانە، قانوونی قەرەبووکردنەوەشیان بۆ دانان و کەوتنە ململانێی ڕاکێشانی مەیلی هۆزە هاوردەکان بۆ
!"حیزب!"ەکانیان
هیچ کاتێک کێشەی خاک لە بەرنامەی پارتخێڵەکاندا سەنگی نەبووە و نییە، بەڵکو هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ ململانێی
.ناوەخۆ و چەسپاندنی دەسەڵاتی ماڵباتی سەرانی پارتخێڵەکان
وەک چۆن بردنەوەی جەنگ لێزانی و دیسیپلین و پلانی دەوێ، هەرواش شکان. ئەگەری کشانەوە و دۆڕان بەشێکە لە
پلانی هەر جەنگێک. هەرەسی ١٩٧٥ و کۆڕەوی ١٩٩١ و بەدەستەوەدانی ٢٠١٤ ی شنگال نەدەبوایە بەو شێوەیە بێ کە
..بوو
شکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نموونەیەکی کەموێنەی خیانەت و بەدڕەوشتیی سەرانی پارتخێڵەکانە. ئەوان پێشوەخت
و ژێربەژێر، لەگەڵ ئاغاکانیاندا کەینوبەینی خۆیان کردبوو، کەچی، بەو شێرزەمییەی کە بینیمان، کوڕە هەژاری دڵسۆز و
بێئاگایان لە سەنگەرەکاندا بەجێهێشت و لەبەر چاوی کامیراکانی هەموو دنیا تێیان تەقاند، ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی
پارێزگا و دەیان هەزار گەرمیانیی قوربانیدەریان وەک بارمتە لەگەڵ خۆیان بەرەو زۆنی زەرد و سەوز ڕاپێچا،
..ئەنجوومەن و بەرپرسەکانیان لە هەولێر گل دانەوە و تا ئێستاش دایانبەستوون
بەدەستەوەدانی کەرکووک بۆ من کتوپڕ نەبوو، چونکە حوکمی چەند ساڵەی ئەوێیان هی بەرگری و مانەوە نەبوو، بەڵام،
بەش بە حاڵی خۆم، دەمگوت: " ئێە! بەڵکو دوای ئەو هەموو شکان و هەڵاتن و هەرەسانە فێری ئوسووڵی دۆڕاندنێکی
"!ڕێکوپێکتر بووبن
کەس نییە نەزانێ لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا نەک هەر فایلی کەرکووک بەڵکو دوارۆژی هەموو باشوور لەبن ڕکێفی
دەزگە جاسووسییەکانی ئەو داگیرکەرانەدایە، کە ئەرشیڤەکانیان سیخناخن بە خاڵی لاوازی بەرەبابەکان. ئەو ڕۆژە هەر
دێ، کە گەلی کوردستان هەزاران بەڵگە و سەنەدی بە دەنگ و ڕەنگی بکەوێتە بەردەست، ڕاستینەی ئەو جاش و
سیخوڕانەی بەتەواوی بۆ ئاشکرا بێ، کە داگیرکەران ستراتیژی سڕینەوەی کوردستانیان لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی
.ناوەڕاست پێ سپاردوون
بێهیوابوون قۆناخی هەرە ترکزەی ئەو پیلانەی داگیرکەرانە، هەر بۆیە، دەبێ پێکەوە و دەستلەدەست ئەم قۆناخە
.دژوارەی مێژوو تێپەڕێنین و زبلۆزاری سەدان ساڵەی ڕامالین
***
ئیتر بەسە
نەخێر، کەرکووك (قودس) نییە،
تا سەدان ساڵ
.جەرگەی شەڕی نەوەی چەندین پێغەمبەر بێ
دڵیش نییە،
تا ڕۆژنارۆژ، وەك شەرەفتان،
.سەکتە لێی دات و پەنچەر بێ
***
هەر مەشخەڵێك
لە هەناوی کەرکووکەوە بازرە بکا
.تیشکی هەنیەی پۆلێك موغی دەوری گرە
چیای حەمرینیش،
هەر بستێکی
لانەی (ڕیشە) و (لەیلا)یەکی بەرزەفڕە،
وەك دەورانی پێش تۆفانی شمشێر و تیر،
.هەر بەسامە، مەند و کڕە
لەسەر زەویش تەختی بکەن،
.لەبن زەوی هاوڕەگی بەمۆ و ئەزمڕە

***

ئیتر بەسە،
!تەرەسینە، ئیتر بەسە
مەودای نێوان
.ئەم هەرەس و ئەو هەرەستان پڕ هەرەسە
ئیتر بەسە،
فسخواردنتان بۆتە گاڵتە،
هەڵاتن و تەقوڕەوتان
!شاپشاپێن و سێجڕتییە، بۆ هەوەسە
ئیتر بەسە،
کارخانەچی و سالۆسینە، ئیتر بەسە،
چیدی کەرکووك گاز و نەوت و بۆڕی نییە،
.سەرقەتارە، ڕچەشکێنە، فریاڕەسە
ئیتر بەسە،
کوردپسێن و
کەرخەسێن و
دەییووسینە،
!ئیتر بەسە
هەر گەردێکی کەرکووکی من
.بەردەڕەشی کەعبەیەکی موقەددەسە
!ئیتر بەسە
هێلسنکی -مارتی ٢٠١٨
***

---

قودس و دڵ: دوو زاراوەی پڕوپووچی ئینشایین، بەرەبابەکان بۆ کەرکووکی بەکار دەهێنن بۆ فریودانی گەلی *
.کوردستان لە لایەک، لە لایەکی دی، بۆ خۆدزینەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی گردەبڕ و بێپەناوپێچی سیاسی
ڕیشە و لەیلا: مامەڕیشە و لەیلا قاسم. هەردووکیان لە چینە هەژارەکانی گەرمێنن و کرانە قۆچی قوربانیی *
.ملیاردێرەکانی ئەمڕۆ
بازرە بکا: بازرەقە بکا، وازرە بکا، دەربپەڕێ، فڕکە بکا
هەنیە: ئەنی، ناوچەوان، تەوێڵ، توێڵ
وشەیەکی ئاڤێستاییە و هەر لەمەشەوە وشەی وەک (ماگ، ماگی و ماگیک "ماجیک" ، ماگوس، مەجووس، ماگیا :موغ
"ڕووسی" ...هتد). لە هەندێک زماناندا مانای چادووباز و ئەفسووناوی و ئاگرپەرست دەدا، بەڵام لای زەردەشتییەکان بە
پیاوی ئایینی دەگوترا
.فسخواردن: فسدان، دانەوینی مریشک بۆ پێدافسینی کەڵەشێر
.تەقوڕەو: تەقودەو، کۆڕەوی لە ترسان، هەڵاتهەڵاتی تێکڕایی لە ترسان
کارخانەچی: شاخدار، قۆچدار، دەویت، گەواد، بێناموس
سالۆس: تەمبەڵ و تەوەزەل و بێوەج و خۆگنخێن
کوردپسێن: کوردماندووکەر
کەرخەسێن: ئەو کەسەی خۆی بەکارێکی پووچ و بێئەنجامەوە خەریک دەکا
.دەییووس: بێناموس و قورمساخ، (لە دیوث) ی عەرەبییەوە هاتووە